

سەلام محەمەد

# زەنگی سەعاتی بیست و پێنجەمی تەمەنم



## سەعاتێکی نائاساییە و کارەساتی گەورەی نائاسایی دروستی دەکەن

ساڵەهایەکە زەنگی سەعاتی بیست و پێنجەم لای من لێی داوە. سەعاتێکە وا خەریکە دەبێت بە بیست و پێنج ساڵ. بیست و پێنج ساڵی رەبەق بە مانگ و هەفتە و رۆژەوە لە یەک سەعاتدا. ئای کە سەعاتێکی درێژە **"ئەبیوکرات"** دەڵێ: بۆچی لە مردن بترسێم. تا من هەم مردن نییە. کە مردنیش هەبێت من نیم. ئیتر بۆ دەبێ لە شتێک بترسێم کە لە بوونی خۆمدا ئەو بوونی نییە. لای منیش ئەگەر ئێستا و دەستبەجێ دواچرکەی ئەو سەعاتە کۆتایی بێت ئاساییە. وەک چۆن بەردەوامبوونیشی هیچ سەیر نییە. خۆی لە خۆیدا سەعاتێکی نائاساییە و کارەساتی گەورەی نائاسایی دروستی دەکەن. سەعاتێکە لە دەرەوەی مەودای زەمەندا. تێیدا کات و شوێن بە یەکەوە ناگونجێن و ئاشنای یەکتری نین. هەندێ جاریش بە گژ یەکدا دەچن لەبەرئەوەی بەیەکتری نامۆن.

ئەم سەعاتە وەرزی پێنجەمی ساڵە. هەفتەی پێنجەمی مانگە. مانگی ژمارە سێزدەیە. چرکەی شەست و یەکەمی دەقیقەیە. هەستی ژمارە شەشە. سەعاتی حەشر نییە و هەڵکشانە بەرەو مەملەکەتی خودا. ئەو سەعاتەیە کە **"کۆنستانتان جیۆرجیۆ"**ی نووسەری دەڵێ: جاران بەر لە دۆزینەوەی ئامێری پاکوخاوێنکردنی هەوا و ژینگە تاقمی غەواسەکانی ژێر ئاو کەروێشکیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد بۆ زانینی رادەی پیسبوونی هەوای ناو غەواسەکە. کاتی کەروێشکێک مردار دەبووەوە نیشانەی ئەوەبوو کاپتەنەکانی ناو غەواسەکە تەنیا شەش سەعاتیان بەدەستەوە ماوە خۆیان لە خنکان و مردن رزگار بکەن. یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢ لە شاری بەرلینی رۆژئاوادا برای بەڕێزم **"دکتۆر کەمال فوئاد"** ڕێنمایی کردم بۆ خوێندنەوەی رۆمانەکە و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٩دا کە لە زیندانی سەربازی باقووبەدا بەندکرابووم خەریکی وەرگێڕانی بووم بۆ زمانی کوردی. هەر جارەی بەشێکم بە براکەم و ئامۆزاکەم و ماڵی خوشکمدا «کە ئێستا هەموومان نیشتەجێی وڵاتی سویدن» دەنارده دەرەوەی زیندان، کە لە رووداوەکەی کوێت بەر لێبووردنی گشتی کەوتم بۆم دەرکەوت لە ژێر چاودێریدابوون و هەموو نووسینەکانی منیش فەوتابوون سەبارەت بەوەی کە ئەمنی کەرکووک چەند جارێک چووبوونە سەریان. ئەم رۆمانە نەمرە کاتی خۆی بە سەقەتی و شێواوی کرا بە فیلم و **"ئەنتۆنی کوین"** رۆڵی سەرەکی تێدا بینی. نووسەر مەبەستی ئەوە نییە کە تەنیا باسی خودی پاڵەوانەکەی بکات، یان وەک مێژوونووسێک باسی ئۆردوگا تۆقێنەرەکانی فاشیزمی ئەو سەردەمەی تۆمار کردبێت کە بریتی بوو لە ئازار و ئەشکەنجەدان و جینۆسایدی جوولەکەکان، بەڵکو وەک هەر دەقێکی گەورە و رەسەن بەشێکی لێکدانەوەی بۆچوون و مەبەستەکانی بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە.

ئەمڕۆ کە پەنجا و دوو ساڵ بەسەر لەدایکبوونمدا تێ دەپەڕێت چاک بەخۆم دەزانم کە لە ساڵی ١٩٨٢ بە دواوە کەوتمە ناو ئۆقیانووسی سەعاتی بیست و پێنجەوە و هەموو کەروێشکەکانی دەوروبەرم دەمێکە مردار بوونەتەوە، بەڵام غەواسەی تەمەنم فرۆکە ئاسا هەر بە ڕێگەوەیە و هێشتا نەکەوتووەتە سەر ئاو.

ئێرە وێسگەیەکی گرنگە. هەر لێرەوە بوو کە **"سوکرات"** وتی: تاکە شتێک بیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم. هەر لێرەوە بوو کە **"عومەر خەیام"** خوای بینی و بەقەد ژمارەی بێ ژمارەی ئەستێرەکان پرسیاری ئاراستە کرد:

**ناگەڕێتەوە کەسێ لەم دنیا**

**تا لێی بپرسین ئەحواڵی مردوو**

ئا لێرەوە کاروانی ئاواز و تابلۆ و کتێبەکانی **"بەختیار عەلی"** بەرەو جاویدان و شاری مۆسیقارە سپییەکان کۆچیان کرد. لێرەوە ٠ **"لەتیف هەڵمەت"** هەوڵ دەدات جارێکی تر چاوی بە دایکی بکەوێتەوە و وا هەست دەکات کە شیعرەکانی بۆ سەدەی ئایندە دەنووسێت. بەڵێ وا تێ دەگەم کە **"شێرکۆ بێکەس"** لێرەوە دەخوازێت دوا قەسیدەی خۆی بنووسێت و بڵێ ئۆخەی چیدی بەدوای شێوەیەکی نوێی شیعردا ناگەڕێم.

ئێرە وێستگەی لووتکەیە و ئەوەی دەیگاتێ دەبێتە خاوەنی پەساپۆرتی پەڕینەوە بۆ ئەوبەر و ئامادەیە کە لێرەوە یەکەمین هەنگاو بەرەو جاویدان، یان ئەبەدییەت بنێت. زۆریش هەر لەم لووتکەیەوە قۆناخی گەشەسەندنیان ڕادەوەستێت و پاشماوەی ژیانیان بۆ خواردنی بەروبوومەکەی تەرخان دەکەن.

منیش حەز دەکەم شتێک بنووسم و پاشان لە ناخی دڵ و ویژدان و مێشکەوە بڵێم ئۆخەی خۆ بەر لە مردنم ئەوەی ویستم نووسیم و تیشکە تیژڕەوەکانی ڕوحم ئاسوودەبوون. تەنیا حەزێکە و سووریش دەزانم کە هەرگیز نایەتە دی لە خەیاڵی خۆمدا نەبێت.

ئاخر شیعری دەرەقەی ئەو برووسکە دەربڕینە نایەت و زۆریشی لێ بکەیت دەبێتە شاعیرێکی سوریالی. ڕۆمان فریای نووسینەوەی ناکەوێت و ئەگەر دەست بەنووسینیشی بکەم لای کەمی بەبێ پشوودان دوو ساڵی پێ دەچێت و لەم ئەوروپایەشدا ئەوەی کار بکات زەحمەتە ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵکەوێت بە تایبەتیش گەیشتبێتە قەناعەتێک کە داهێنان و ڕاهێنان لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا بەجۆرێک تێکەڵاوبوون جیاکردنەوەیان لەیەکدی لە سەرەوەی توانای خوێنەرێکی ئاساییدا بێت.

چما ئەگەر رۆمانێکی لە بابەت یۆلیسیسی **"جێیمس جۆیس"** دەربارەی یەک رۆژی رەحیماوای کەرکووک بنووسیت چەند خوێنەری دەبێت لە کوردستاندا. ئەی لە چەند کەسانێک بەولاوە کە ئەوانیش زۆربەیان خۆیان نووسەرن چەند خوێنەری راستەقینە لە دەرەوەی کوردستاندا هەن. ئاخۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی وانەی کوردی بەمنداڵ و گەنجانی کورد دەڵێنەوە خۆیان زمانی کوردی دەزانن. ئەی نەوەی نوێی پاشەڕۆژی کورد لە هەندەران چی دەزانێت دەربارەی رۆشنبیری و کولتووری گەلەکەی. ئەگەر جوانترین شیعری **"گۆران"** و خراپترین گۆرانی **"زەکەریا"** لە ناو لاوانی ئەورووپادا بخرێتە دەنگدانەوە ئەنجامەکەی چۆن دەبێت. چاکە بۆچی منیش قۆڵی لێ هەڵنەکەم و هەر هەموو تاڵەکانی ناو مێشکم نەگوشم و شیعر و پەخشان و رۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆگەری و فەلسەفە و رەسم و مۆسیقا و ئاواز و... تاد، ئاوێتەی یەکتر نەکەم و هەرچییەکم لایە تێکەڵاوێکی یەکگرتووی لێ دروست نەکەم. ئەگەر ئەو شتە لە حەقیقەتدا بوونی هەبێت. مەبەستم لە زاراوەی تێکەڵاوی یەکگرتووە کە بێگومان مەبەستم چێشتی مجێور نییە، بەڵکو لووتکە هەرە هەرە بەرزەکەی خەیاڵە.

ئاخۆ دەبێ ئەم کۆکتێلە سەیرە چی لێ دەرچێت. هەر خۆم وەڵام دەدەمەوە: هیچ و ئینجا هیچ و پاشانیش دیسانەوە هەر هیچ، چونکە چی بنووسم و چەند بنووسم مەحاڵە هەرگیز فریا بکەوم. کە دەگەمە سەرەتای کۆتاییەک ئەوجا سەرەتایەکی ئاڵۆزتر و قورستر و درێژترم دەکەوێتەوە بەر. ئەم رێگەیە هەرگیز کۆتایی نایەت و کەس نازانێت کەی سەرەتا دەستی پێ کرد و، یان کەی کۆتایی دێت و چۆن. هەموو کۆتاییەکیش دەیان سەرەتای نوێی لێدەبێتەوە.

منیش پەلەمە، رادەکەم و رادەکەم و هەناسەبڕکێم پێ کەوتووە و دەڕۆم... هەر دەڕۆم و دەشزانم کە هەرگیز.. هەرگیز.. فریا ناکەوم. خۆ ئەگەر هەوارگە بە ئارامەکەی خەیاڵ و خەوبینین نەبووایە لە دێرزەمانەوە غەواسەی تەمەنم... غەرق بووبوو.. غەرق. رەنگە ئێستا بووبووایە بەمۆزەخانەی ماسییە رەنگاوڕەنگەکانی سێگۆشەی بەرمۆدا.

هەموو توانا و بەهرە و دەسەڵاتی مرۆڤ بەبێ خەیاڵ و خەوبینین کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت. رەنگە بیکەن بە خاوەن دەسەڵات، یان خاوەن پارە، بەڵام کیسەڵ ئاسا بە درێژایی ژیانی ئەو مرۆڤە تەنیا فریای چەند سەد کیلۆمەتریک دەکەوێت لەم بیابانە ئاوێنەییەدا.

هەموو پێغەمبەرەکان و هەموو سیاسییەکان ئامانجی دیاریکراویان هەیە لە پێناوی ئەو ئامانجەیشدا خەبات دەکەن و هیچی تر بە راست و دروست نازانن، بەڵام هەر هەموویان

ده ئەوەندەی تریش بخەیتە سەر تەمەنیان ئەوسا ناتوانن کە قەناعەت و دڵنیاییەکی بەردەوام و چەسپیو تەنانەت لای لایەنگران و دەورووبەرەکەی خۆیان دروست بکەن. وشەی جوان و ئاوازی جوان و تابلۆی جوانیش بە تەنیا کار لە ویژدانی جوان دەکەن، بەڵام تاڵە موویەکیش کار ناکەنە سەر ویژدان مردووەکان. گریمان تا رادەیەکیش کاریگەری هەبوو ئەوسا ئەگەر گشت دانیشتووانی جیهان شاعیر و هونەرمەند بوونایە ئاخۆ هەتا هەتایە تەکنەلۆجییا ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆی بەخۆیەوە دەبینی.

پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەدەب و هونەر و فەلسەفە لە چاو داهێنانە زانستی و تەکنەلۆجییەکاندا زۆر لاواز و دواکەوتووە، کەچی لە کوردستاندا تازە بە تازە مۆدی عەنتەری کوڕی شەداد و سوق عوکازە. هەندێک لەوانەی کە پاڵێورابوون بگەنە لووتکە، یان بە راستی گەیشتبوونە لووتکە. ئێستا بوونەتە کەناڵێکی تەلەفیزۆنی شان بەشانی رووداوە رۆژانەییەکان دەڕۆن و بەهرەیان بووەتە وەزیفەیەک لە ناو چوارچێوەی سیاسەتدا، مەهانەشیان ئەوەیە کە کوڕی گەلن و هەست بەلێپرسینەوە دەکەن بەرامبەر بە ئازادییەکانی گەل، کە لە بنەڕەتدا خۆیان بەشێکن لەو مەکینەیەی ئازارەکانی دروست کردووە. ئەوانە بە رووکەش ئازارەکانی گەل و مرۆڤایەتی دەلاوێننەوە، بەڵام لە حەقیقەتدا پرسەیان بۆ ژانەکانی خۆیان گرتووە و دیل و کۆیلە نەرجسیەت و خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتین. ئەو سەردەمەی کە یۆنانییەکان گەیشتبوونە چڵەپۆپەی فیکر لە رووی تەکنەلۆژییەوە سەردەمی ئەسپ و کەر و حوشتر بوو، بەڵام ئێستا سەردەمی عەولەمە و فڕۆکە و ئەپۆلۆیە، کەچی نووسەرەکان هەر لە چوارچێوەی بیرەکانی "**سوکرات و ئەفلاتوون و هۆمیرۆس و سۆفۆکلیس**" و زۆری تریشدا دەخولێنەوە.

کێ توانیویەتی ئیزافەیەکی هەستپێکراو بخاتە سەر "**شکسپیر**".

زاراوەی زۆری لە بابەت پۆستەرە شیعر و مینیجۆبە شیعر و برووسکە شیعر و تەنانەت مۆبایلە شیعریشم کەوتووەتە بەرچاو، بەڵام گرفتەکە لە هەڵبژاردنی ناوی مۆدێرندا نییە، بەڵکو هەر نووسەرێک دوای تەواوبوونی بەرهەمەکەی ئەگەر لە خۆی بپرسێت چ ئیزافەیەکی خستووەتە سەر کەلەپووری رۆشنبیری جیهان. بۆی دەردەکەوێت کە فەتحێکی تازەی نەکردووە.

لە سەدەی نۆزدەمدا رۆماننووسانی جیهان شاکاری ئەوتۆیان بەرهەم هێنا تا ئێستاش هەر لە لووتکەدان، بەڵام کە شۆڕشی پیشەسازی ئەورووپی دەستی پێ کرد پێم وایە هەموو رۆژنامە و کۆوارەکانی ئەو سەردەمەی سەرانسەری ئەورووپا بە گشتی کۆبکەینەوە ناگەن بە

نیوەی ژمارەکانی ئەمرۆی کوردستان، بەڵام ئەوەی کە ئێستاش لە سایت و رۆژنامە و کۆوارە کوردییەکاندا دەیخوێنمەوە، یان گوێم لێ دەبێت لە بابەتی جنێودان بە یەکتری و بوختان و درۆ هەڵبستن بۆ یەک لە کولتووری هیچ گەلێکی تری ئەم جیهانەدا نەکەوتووەتە بەرچاو و گوێم.

لە کوردستانی ئەمرۆدا ژمارەیەکی بێ ئەندازە بڵاوکراوەی جۆراوجۆر هەیە. رۆژانە... هەفتانە... مانگانە و ساڵانەش، کە هەر هەموویان دەبێ پڕ بکرێنەوە و لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا بە دیداری خوێنەرانیان شاد و بەختەوەر بن. مەبەستیشم لە سایتە تاکە کەسیەکان نییە کە لە ژمارە نایەن.

زۆر جار لێم دەپرسن: بۆچی نانووسیت. بۆچی هیچ شیعرێکت دیار نییە. خۆ تۆ جاران شیعری جوانت دەنووسی. راستە دەڵێن وشکبوویتەوە. بۆ کانیاوی بەهرەش وەک پیرەدار وشک هەڵدەگەڕێت.

هەندێ جار دەڵێم خەرمان بەرەکەت خۆ ژمارەی شاعیران و نووسەرانی کورد لە ژمارەی خوێنەران زیاترە کە ئەمە دیاردەیەکی روون و ئاشکرایە.

جاری وا هەیە دەڵێم ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم پێش من "**شێرکۆ بێکەس**" وتوویەتی و هیچی بۆ من نەهێشتووەتەوە و دەردی شاعیرە رووسیەکە مەگەر ئاوازێک بۆ شیعرەکەی ئەو دابنێم.

هەندێ جاری تریش وتوومە ئەوەی سی ساڵ بەر لە ئێستا لە کۆمەڵە شیعری **«دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەودەوە»** دا وتوومە بەسەو ئیزافەیەکی باشترم لا نییە و زۆریش لە خۆم ناکەم کە شاعیریەتی بکەم بە وەزیفەیەک هەموو ژیانم تەرخان بکەم بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی.

جاریش هەیە زەق و زۆپ دەڵێم کاکە گیان پیربوومە و تاقەتی شیعرنووسینم نەماوە وەک ئەوەی یاریچییەکی موتەقاعیدی فتبۆڵێن بم و لە بەر جگەرەکێشان وازم لە یاریکردن هێنابێت.

بەلای منەوە هیچ مەرج نییە کە داهێنەر تا مردن بەردەوامبێت لە نووسین. باشترین نموونەش "**رامبۆ**"یە.

ئەوەتانی سەرم ناوەتە سەر بەهرەکەی خۆم و بەم نووسینە یادی تێپەڕبوونی پەنجا و دوو ساڵ بە سەر رۆژی لە دایکبوونمدا دەکەمەوە. با ئەم ساڵ لە جیاتی خواردنەوە بە

نووسین ئەو یادە بکەمەوە.

بەهرەکەم پێم دەڵێ: من مامۆستای ماتماتیک نیم باسی تیۆرییەکی ئەندازەییت بۆ بکەم. من باسی خۆم دەکەم و لە نێوان خۆمیشەوە باس لە مرۆڤ و کێشەکانی ژیان و مردن دەکەم. ئەوەی کە دەینووسم چی لێ دەردەچێت و ناوی هەرچییەکی لێ دەنێن ئارەزووی خۆیانە... با بڵێن ئەوە نووسین نییە و شەڕە پشیلەیە. با بڵێن زەنگی سەعاتی بیست و پێنج زمانی کوردی لە بیربردووەتەوە و دەستوورەکانی رێزمان رەچاو ناکات. چارەکە سەدەیەک زیاترە بێدەنگە و ئێستایش بەم زەنگە سەیرەوە پێمان دەڵێت ئەها برادەرینە هێشتا توانای نووسینم ماوە. مەسەلەکەش تەنیا زەوقێکی راگوزارییەر هیچیتر. ئەگەر لە توانامدا بووایە وەک **"زۆربا"** بەسەمایەک ئەو هەستەم دەردبڕی، بەڵام نە سەما دەزانم و نە شمشاڵیش دەژنم. هەر بیر دەکەمەوە و لێکی دەدەمەوە و دەیهێنم و دەیبەم. کەوتوومەتە ناو مەتاهەیەکی بێ سەروبەرەوە. ئەوەتانی دوێنێ وتارێکی سەیرم خوێندەوە دەربارەی موختەبەرێک لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا کە ژمارەیەکی بەرچاو پرۆفیسۆری شارەزا کاری تێدا دەکەن بۆ درێژکردنەوەی تەمەن تا رادەیەکی سەرسوڕهێنەر. هەر لە ئێستاوە ئەنجامی سەرکەوتوویان بە دەستهێناوە. بڕوانە ئەو دوو وشەیە: درێژکردنەوەی تەمەن. بڕوابفەرموون دە ساڵ زیاترە نزیکەی سەد لاپەڕەم لە سەر ئەو بابەتە نووسیوەو پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەمە کێشەی زانستە نەک ئەدەب.

مرۆڤ تاکو ئەمڕۆ تەنیا یەک لەسەدا، یان تۆزێ زیاتری وزە و توانای ناو مێشکی بەکارهێناوە کە رەنگە ئەگەر بەرەوپێشەوە بچێت و ژمارەکە بگاتە چوار و پێنج ئەوسا ژیان ببێتە فیلمی کارتۆن. خەیاڵ ببێت بە حەقیقەت. ئێمە ئێستا لە شەوەزەنگێکی وەها چڕدا دەژین تەنیا دوو سێ مەتری دەوروبەری خۆمان دەبینین ئەویش بە هۆی جیهانگیرییەوە ئەگینا مەودای بینینی چەند ساڵێک لەوەوبەرمان لە دوو سێ سەنتیمەتر تێ ناپەڕێ. **"ئاینشتاین"** بەو هەموو زیرەکییەوە ئینجا دەڵێ: ئەگەر منداڵێک بەرینە ناو ژوورێکی گەورەی پڕ لە کتێب و کتێبەکان بەچەند زمانێکی جیاواز نووسرابن کە منداڵەکە نایانزانێت. ئاخۆ دەبێ چییان لێ تێ بگات. بێجگە لە گۆڕینی شوێنی هەندێکیان هیچی تری لە دەست نایەت.

ئێمەش تا ئێستا هەر بە قەد ئەو منداڵەمان لە ژیان هەڵکراندووە و لێی تێ نەگەیشتووین، بەڵام بەخۆمانیش نازانین و هەر یەکە و بەشتێکەوە خۆمان خەریک کردووە و ئەگەر رووبەڕووی پرسیارێکیش بووبینەوە دەڵێین ئەی چی بکەین، ئەوە سونەتی ژیانە.

دەماغە حەیاتەکەش لە ناو سەری خۆماندا پاڵی لێداوەتەوە و لەوە دەچێت کە پیاو ملیارێک دۆلار لە گیرفانی خۆیدا بێت و شەو و ڕۆژشی بەیەکەوە گرێ دابێت لە پێناوی پەنجا دۆلاردا. هەر ئەمەشە هۆی دواکەوتنی ئاستی بیرکردنەی مرۆڤ بە بەراوردکردنی لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆجیادا. هەرچەندە کە مرۆڤ خۆی تەکنەلۆجیای بەرهەم هێناوە کێ دەزانێ ئەم گەشەسەندنە پاش پێنج سەد ساڵیتر دەگاتە چ ئاستێک.

بۆیە دەبینین هەموو کاتێ زمانی پارە لە زمانی فیکر و ئەدەب و هونەر بەهێزترو کاریگەرترە، هەروەها دەوڵەمەند و پارەدار ڕێزی زیاتری لێ دەگیرێت لە ڕۆشنبیری و بەهرەدار تا ئەو رادەیەی کە پارە ئاستی کەسایەتی مرۆڤ دیاری دەکات لە ناو کۆمەڵگەدا، چونکە ئەقڵ خۆی دروستکەری زانستە و لەگەڵ زانستیشدا بەراورد ناکرێت تا ئەو رادەیەی کە خولقێنراو لە خولقێنەر گەورەترە.

من بیرکردنەوە بە بەدیلی پارە دەزانم. تۆ بۆ خۆت هەموو تاڵەکانی ناو مۆخت تەرخان بکە بۆ پارە پەیداکردن، منیش بۆ خۆم بیردەکەمەوە. تۆ بە جۆرێک ئاسوودەیت و منیش بەجۆرێکی تر. هەردووکمانیش هەر کات بەسەر دەبەین تا کات هەردووکمان دەکوژێت.

بە پەرۆشەوە سۆراغی داهاتە ژیاری و گەردوونییەکان دەکەم و بیر لە بوون و نەبوون دەکەمەوە. بیر لەو هەولانە دەکەمەوە کە مرۆڤ خۆی داونی بۆ جینۆسایدکردنی جوولەکەکان و ئەرمەنەکان و کوردەکان. بیر لە سەربڕاوەکانی عیراق دەکەمەوە. بیر لەوانە دەکەمەوە بەر لە سەربڕین بەبێ بەنج و نەشتەرگەری چۆن دەست و قاچیان دەبڕنەوە و چاوەکانیان هەڵدەکۆڵن. بیر لەوانەش دەکەمەوە کە خۆیان دەتەقێننەوە. بە راستی دڵێکی دەوێ پیاو بتوانێت خۆی بتەقێنێتەوە لە پێناوی هەرچی مەبەستێکدا بێت.

ئەوە چ ژەهرێکە دەیرێژنە ناو مێشکەوە و سڕی دەکەن و باوەڕێکی وای لا دروست دەکەن دەمویست لەگەڵ گیاندەرچوونی خۆکوژەکەدا لە بەهەشتدا چاو هەڵدێنێت و پۆل پۆل پەری ناسک و نازدار ئەڵقەی سەمای لە دەوردا دەبەستن و خواردنی خۆش و شەرابی خۆش و هەموو شتە خۆشەکانی تری دەدەنێ.

ئەی دەبێ کامە خودا بێت ئەوجۆرە کردەوانە بەجیهاد لە قەڵەم بدات. ئەگەر بەهەشت جێگەی ئەوان بێت من لە ئێستاوە بڕیاری خۆم داوە و با هەتاهەتایە بسووتێم و دۆزەخ هەڵدەبژێرم.

بیر لە مەوئوودەکانی سەردەمی جاهیلییەت و ئێستاش دەکەمەوە. بەشبەحاڵی خۆم وێنەیەکی بچووککراوی بوون و نەبوونم لا دروست بووە، تەنانەت بیر لە سیاسەتیش

دەکـەمـەوە کـە بۆچی لـە وڵاتانی جیـهـاندا یاری بـەتۆپی پێ دەکرێت، کـەچی لە عـیـراقی حامۆرابیدا بەکەللەی سـەری مرۆڤ گۆڵ دەکرێت. بەڵێ بیر لە مێروولەیش دەکەمەوە و زۆر جـار بە دیار شـارە مێروولەوە راوەدەسـتـاوم و سـەرنجم داون چۆن دەجـووڵێنەوە و چەند بە ئارام و لە سەرخۆن.

یەکێک لە شـەوە خۆشـەکانم ئەو شـەوانەیە کـە سـامـاڵە شـەوە و هـەزارەها ئەسـتێرە بە ئاسمانەوە دەدرەوشێتەوە و لە بەر خۆمەوە شیعرەکەی **"هەژار موکریانی"** دەڵێمەوە:

**شـەوە ئەسـتـێرە بـە زریوەن لە سـەرمـان**

**لە مـانـگی رووت هـەناسـەم بۆتە خـەرمان**

**تکەی ئاونگی کـوڵمت تـەڕ دەکـا لێـو**

**گـەزۆ باری لە گـەرمـان و لە شــەرمـان**

با تۆزێ قـووڵتـر بیر لە مرۆڤ بکەینـەوە هـەمـووی سـی هـەزار سـاڵە کە مـرۆڤی هۆشـیـار پەیدابـووە و دوو سـەد هـەزار سـاڵیش بەسـەر پـەیدابوونی مـرۆڤی نیـاندرتالدا تـێ پەڕیوە و مێـژووی مـرۆڤی دوو پێش دەگـەڕێتـەوە بۆ ملیـۆن و نیـوێک سـاڵ، چونکە بەر لەوە هێشـتـا مرۆڤ نـەیدەتوانی بە دوو پێ بڕوات، کەچی مێژووی دیناسـۆرەکان بۆ سـەد و پەنجا ملیـۆن سـاڵ دەگـەڕێتـەوە و مێژووی هـەندێ بوونەوەری تریش دەگـەڕێتـەوە بۆ شـەش سـەد ملیـۆن سـاڵ، واتە هـەر لـە بنەڕەتـەوە زەوی بۆ مـرۆڤ دروست بووە و دینـەکـانیش روونکـردنەوەی مەنتیقیمان نادەنێ، لە بری ئەوە بـاس لە حەزرەتی ئادەم دەکەن کە باوە گەورەی ئێمـەیە و مرۆڤێکی تەواو ئاقڵ و تێگەیشتوو بووە.

باسـی ئەم سـی هـەزار سـاڵەی تەمـەنی هۆشـیـاری مرۆڤ ناکـەم، بەڵکو پرسـیـارەکە ئەوەیە هـەر لەم سـەد سـاڵەی رابردوودا «کە زۆرن ئەو کـەسـانەی تەمـەنیان لە سـەرووی سـەدەوەیە و هێشـتـا لە ژیاندان» چەندین ملیـۆن مـرۆڤ هـەر بە دەسـتی مـرۆڤ خـۆی دەکوژران. بۆچی. ئاخـۆ رۆژێک دادێ وازبـهـێنێ لە شـەڕ و توندوتیـژی. خـۆ زەوی جـێگەی هـەمـوومـانی تێـدا دەبێتـەوە و خـێـر و بەرەکـەتەکـەی بەشی هـەمـوومـان دەکـات. تەنیـا لە جـەنگی دووەمی جیـهـانیدا شـەسـت ملیـۆن زیاتر کـوژران و فـەوتان بێـجگە لە دەیان جـەنگی ئیـقلیـمی تر. جـەنگیش خۆی لە خـۆیدا گەورەترین دەبەنگی و گێلی و کاڵفامییە. ئەگینا بۆچی یەک دوو مــــەهـانەی داتـاشــــراوی پڕوپووچی وەک دوو مــــەتـرە زەوی ســــەر سنـوور دەبـنە هـۆی هەڵگیرسـاندنی جـەنگێکی گـەورە. ئاخـۆ مـرۆڤ ناتوانێ بە شـێـوەیەکی ئاشـتـیـخـوازنە

کێشـەکانی لەگەڵ دەوروبەردا چارەسەربکات. ئەی کەواتە جیاوازی چییە لە نێوان "**مرۆڤ**" و "**دڕندە**"دا.

ئەوەی ئـەمــڕۆ خــۆی دەتەقــێنێــتــەوە ئەگــەر چەکی ئەتۆمی شک بـەرێت بـەبێ هـیچ سڵەمینەوەیەک لە ماوەی چاوترووکاندنێکدا هەموو جیهان دەکات بە خۆڵەمێش. ئێستاشی لەگەڵدا بێت کێ دەتوانێت گەرەنتی ئەوە بدات کە جەنگی سێیەمی جیهانی بەرپا نابێت و چەکی ئەتۆمی تێدا بەکارناهێنرێت. کێ دەیزانی کە داگیرکردنی کوێت لە لایەن سەدامەوە دەبێتـە هۆی رزگـاربوونی کـوردسـتـان. ئەی کێ دەزانێت چی دەبێـتـە هـۆی رزگـاربوونی کوردەکانی تورکیا و ئێران و سووریا.

دەڵێن ئەوە سیاسەتە و حوکمی مێژووە کە دەیزانن. ئاخر لای خۆمان ناشوکری نەبێت سیاسەت بوونی نییە و بەرژەوەندیی کەسایەتی بەسەر هەموو پرەنسیپەکانی تردا زاڵبووە.

"**شێزاد حەسەن**" راست دەکات کە دەڵێ : سیاسەت لە کوردستان بوو بە ـ بزنس ـ، بوو بە دوکان و بازار، بوو بە قازانج ، بردنەوە، بوو بە قومار.

هۆیەکـەی وەک بەرنامــەی بەرنـامــە دیاری کــرد ئەوەیە کــە لای خـۆمــان هەوڵ دەدەن تەلەفـیـزۆنەکـانی سـەردەمی "**عـەبدولکەریم قـاسم**" بە کـۆنتـرۆڵی نوێ بخـەنە کـار، چونکە کۆنترۆڵ هەر کۆنترۆڵە و بۆ هەموو جۆرە تەلەفزیۆنێکی کوردستان دەگونجێت لەهەموو کاتێکدا.

نەخـێـر. هەرگـیـز فریای ناکەوم و رەنگە وەک دەیان جاری تر لەم نووسینەش پاشگەز ببمەوە و بڵاوی نەکەمەوە و بیدڕێنم، چونکە چاک دەزانم هیچ شتێکی تازەم نەوتووە. ئەوە چارەنووسی خـۆمـە کـە نووسین و خـوێندنـەوە بۆم بوون بە مـایەی نەگبـەتی و کـوێرەوەری. ئەگەر خەریکی کارێکی تر بوومایە ئێستا پێناسەیەکی ترم دەبوو بۆ ژیان و برادەری ترم دەبوو دوور لـە خـوێندنەوە و نووسین، هەروەهـا تووشم نـەدەبوو بە تـووشی ئەم راکــردن و پەلەپڕوزێ و تەنگەنەفەسییەوە.

من لە مێژوونووسێک دەچم تەنیا یەک هەفتـەی لە ژیاندا مـابێت و داوای لێ بکرێت بەو هەفتـەیە ورد و درشـتی مـێـژووی سـەد سـاڵی هەمـوو ئەورووپا بنووسـێت و بەســەر هیچ رووداوێکدا باز نەدات.

تۆپە خڕەکەی زەویەکەی ئێمە لە چاو عاجباتییەکانی گەردوونەوە دوێنێ پێرێ دروست بووە، چونکە ملیارەها تۆپی خڕ و سێ گۆشەیی و چوارگۆشەیی و هەزار گۆشەیی تر هەن کە ملیۆنەها ساڵی تیشکیی لە زەوییەوە دوورن و تیژیی تیشکیش تەنیا سێ سەد هەزار

کیلۆمەترە لە یەک چرکەدا. ئەستێرەی وا هەیە هەزاران ساڵە فەوتاوە و لەناوچووە، بەڵام تیشکەکەی هێشتا هەر بەڕێگەوەیە و نەگەیشتووەتە سەر زەوی. کاتیش هەر ئەوە نییە کە ئێمە هەستی پێ دەکەین، بەڵکو کۆمەڵێ کاتی جیاوازی تریش هەن پێوانەی جیاجیایان هەیە.

مرۆڤ ئەگەر زیرەک و هۆشیاریش بێت هێشتا سروشت بەهێزترە. کێ دەزانێ. رەنگە ئەستێرەیەکی زل و زەبەلاح و ئەحمەق کە دەیان جار لە زەوییەکەی ئێمە گەورەتر بێت رۆژێک رێگەی لێ بگۆڕێت و پارسەنگی تێکچێت و لە ئاسمانی دوورەوە بەربێتە خوارەوە و حەزرەتی ئیسرافیل فوو لە زوڕناکەی بکات و ئەوەی زیندەوەرە نەمێنێت. کێ دەتوانێ بەرەنگاری بوومەلەرزە و بورکان و لافاوە هار و هاجەکان ببێتەوە. ئەی دەرد و بەڵا. خۆ تا ئێستا زانستی سەردەم هیچ چارەسەرێکی شیاوی بۆ نەخۆشییەکی ساکاری وەک هەڵامەت نەدۆزیوەتەوە.

ئەی ئەگەر بە بارەکەی تردا بیر بکەینەوە چۆنی لێک بدەینەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر رۆژێک مرۆڤ چوار پێنچ‌یەک لەسەدای وزەی مێشکی بەکارهێنا چی دەقەومێت و شارستانییەت و گلۆباڵیزم چییان بەسەر دێت. ئەی زمان. دەبێ پاشەڕۆژی زمان بەچی بگات. رەنگە ئەوسا بەئاسانی هەرکەسێک پلەی شەخسیەت و رەوشت و ئاستی زانیاری بە ناوچەوانیەوە بنووسرێت کە بەگوێرەی ئەو زانیارییانە هەر کەسێک شوێن و جێگەی شیاوی خۆی لە پلەوپایەدا بدرێتێ و هیچ فڕ و فێڵێک نەمێنێت. ئەگەر ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتن بەم بارە پۆزەتیڤەدا نەکەوێتەوە هیچ گومان لەوە ناکەم کە جەنگی نەوەوی گرەوەکە دەباتەوە و ئەتۆم وەڵامی هەموو پرسیارە بێ وەڵامەکان بداتەوە.

خەریکە باسەکان بە زەقی تێکەڵاو دەبن، چونکە تەنیا سەرەداوەکانم خستووەتەڕوو و شیکردنەوە و قووڵکردنەوەی بۆ خۆتان جێدەهێڵم لە کاتێکدا وا هێدی هێدیش گوێم بۆ ئاوازە سیحراوییەکەی زەنگی سەعاتی بیست و پێنج شل وخاو کردووەتەوە. نازانم ئەوەی کە نووسیم بڵاوی دەکەمەوە، یان نا، بەڵام دەزانم کە هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. ئەگەر بڵاویشم کردەوە هیچ مەبەستێکم نییە. تەنیا باسی ئەوەم کرد کە "**سەلام محەمەد**" ناوێک هەبوو لە ٢١ی٧ی ١٩٥٤ لە شاری کەرکووکدا هاتە دنیاوە و ئەویش وەک گلگامێش کەوتە سۆراغی گژ و گیای ئەبەدییەت لە دوورگەکانی واقواقدا تا لەو رێگەیەوە بە نامورادی ماڵئاوایی لێ کردین و سەفەری کرد بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان.

٢٠٠٧/٧/٢١ سوید